## مونیره عەلی؛ ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامیی:

# ئۆپۆزیسیۆن ئاراستەی خۆپیشاندانەکانی گۆڕی بۆ پڕکردنی گیرفانی خۆیان

**لڤین: دیداری بێریڤان جەمال**

**مونیره عەلی عەبدول عەزیز ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەو کچی رابەری پێشوو، باس لەکێشەی قووڵی ناو حیزبەکەی دەکاتو لەوە دەدوێت کە بارودۆخی ناو حیزبەکەی باشنییە، لەهەمانکاتدا رەخنەی توند لەکۆمەڵو یەکگرتووی ئیسلامی دەگرێت.**

**لڤین: ئایا دوورکەوتنەوەی بزوتنەوە لەشەقام لەخۆپیشاندانەکانی ماوەی رابردوو، بزوتنەوەی لەشەقام دوور نەخستەوە؟**

مونیره عەلی: بەبیڕورای ئێمە هیچ کاتێک بزوتنەوەی ئیسلامی لەگۆڕەپانی کوردستاندا غائیب نەبووە، لەکاتی رووداوەکانی (١٧) شوبات خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی شاری سلیمانی بزوتنەوەی ئیسلامی بەڕەسمی پاڵپشتی لەداخوازییەکانی خەڵکی کوردستان کردووە، ئێمەش وەکو ریکخراوی خوشکانو خویندکارانو مامۆستایان بەیاننامەیەکی هاوبەشمان دەرکردو تێیدا پشتگیری خۆمان بۆ داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان خەڵکی نارازی شاری سلێمانی دووبارە کردەوە، ئەوەبوو ئاراستەی جەماوەر گۆڕا، ئێمە پشتگیریمان کرد داوا رەواکانی میللەتی کورد کە جیاوازی بودجەبوو لەنێوان ئیدارەی سلێمانیو ئیدارەی هەولێر نەبوونی خزمەتگوزارییەکان لەشارەکەداو نەبوونی ئاوو کارەبا ریگاوبانو ئەوانە دەتوانم بڵین لە (١٠٠٪) پشتگیری میللەتی خۆمانمان کردووە، بەڵام بەداخەوە ئەوە ئۆپۆزیسیۆن بوو کە دەنگی نارەزایی خەڵکی کوردستانی قۆستەوەو ئاراستەی خۆپیشاندانەکەی گۆڕیو پێشبڕکێی وەرگرتنی ئیمتیازات بۆ گیرفانی خۆیان بوو.

**لڤین: بۆ لەخۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانیو دەورووبەری هەندێک جار باس لەوەزیری ئەوقاف دەکرا؟**

مونیره عەلی: ئێمە ئەوە بەپیلان دادەنیین کەسانێک هەن کە پێیانخۆشنەبووە بزوتنەوەی ئیسلامی لەهەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستان توانی سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەستبهێنێت کە وەکو لیستێکی سەربەخۆ بەشداریکرد لەهەڵبژاردنداو بەشداربوو لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بەوەزیرێکو بزوتنەوەی ئیسلامیش جەنابی کاک کامیلی حاجی عەلی بۆ ئەو پۆستە تەرخانکرد، بۆیە ئەمەش بەلای ناحەزانەوە شتێکی نەخوازراو بوو ئەگینا بۆچی هەتا ئەو حیزبانە بۆ باسی وەزیرەکانی (ح. س. د. ک)یان نەکرد کە لەسەر لیستی چاکسازیو خزمەتگوزاری بەدەنگی ئەوان چوونە پیشەوەو دەنگیان هیناو ئەو وەزیرە دانرا، بەڵام هیچ باسێکی ئەوانیان نەکرد، خۆیان وەزیریان هەیە لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەبەغداد بۆ باسی وەزیرەکانی خۆیانیان نەکرد، یاخود وەزیرەکانی خۆیانیان لەبەغداد نەکشاندەوە لەکاتی نارەزایەتییەکاندا، خۆ زۆرترین گەندەڵی لەبەغداد دەکرێت بۆ لەوی بێدەنگن هیچ کاتێک باسی ئەو گەندەڵیانەیان نەدەکرد، کە لە بەغداد دەکرێت، یان بۆچی وەزیرەکانی خۆیان کە لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش لەبەغداد نەیانکشاندەوە، بەڵام لەکوردستان داوای کشانەوەی وەزیرەکانی ئێمەیان دەکرد، یان ئەوە پیلانێکە، بۆیە ئێمە خۆمان گرت، هەموو کەسێکو زانایانی ئاینیش ستایشی وەزیری ئەوقافیانکردووە کە هەڵویستێکی جوامێرانەو مەردانەی هەبووە لەهەموو بۆنەکاندا.

**لڤین: لەسەر گەندەڵییەکانی وەزارەتی ئەوقاف چی دەڵێیت؟**

مونیره عەلی: گەندەڵی تۆمەتێکە ئێمە ناتوانین هەرکەسێکو لەخۆیەوە بیڵێت دەبێت بەڵگەت هەبێت، ئێمەش داوا دەکەین کە با دوو وەزیرە بەڕیزەکەی ئەوان (یەکگرتوو کۆمەڵ) کە پێشتر لەکابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداربوون خۆیان بین قسەبکەنو پەنجە بخەنە سەر گەندەڵییەکان وەزیرەکانی کۆمەڵو یوکگرتوو، بەڵگەوە ئەو گەندەڵییانە بخەینەڕوو.

**لڤین: د. محەمەد بازیانی چۆن بەشداری کۆنگرەی نۆیەمی بزوتنەوەی کرد؟**



مونیره عەلی

مونیره عەلی: ئێمە ئەوکاتە لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە بووین ئەو لیژنەیە بریارماندا کە دانیشتنو دانوستان لەگەڵ هەموو ئەو سەرکردە ئیسلامیانەدا بکەین کە پیشتر وازیان لەکار هێنابوو دانیشتبوون، کە چەندانیان کادیری پێشکەوتووی بزوتنەوەبوون، سەردانی زۆریکمان کرد لەوانە بەڕێز مامۆستا محەمەد بازیانی یەکێک بوو لەوانەی کە سەردانی کرا لەلایەن لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرەوە، خۆی پیشوازییەکی گەرمی لێکردینو پێیوتین کە من هیچ کات خۆم لەبزوتنەوە بەدور نازانمو پێمخۆشە کە بێمەوە ناو بزوتنەوەو جارێکی کە خەبات بکەمەوە، ئەوەبوو کە ئەو وەڵامێکی ئیجابی دایەوە بەلیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە، ئێمەش بانگهێشتمان کرد بۆ ناو کۆنگرەکەی خۆمان.

**لڤین: بەڵام دەوترێت کە وەک میوان بانگهیشتی کۆنگرە کراوە.**

مونیرە عەلی: راستە ئەو زۆرجار لەمیدیاکانەوە وای درکاندووە کە ئەو بەمیوانی هاتووە، بەڵام ئێمە لەکۆنگرەی نۆی بزووتنەوەی ئیسلامی هیچ میوانێکمان بانگهیش نەکردووە، هیچ کەس بەمیوانی نەهاتووەتە ناو کۆنگرە ئەوەی هاتووەتە کۆنگرە پیشتر لیژنە قسەی لەگەڵ کردووە، یەکێک لەوانە (مامۆستا ئیبراهیمی عبدالرحیم) خودا لێی خۆشت بێت، لەگەڵ بەڕێز مامۆستا بازیانی کە هەڵوێستی ئیجابیان هەبوو ئامادەبوون بێنە ناو بزوتنەوەو ئێمەش بانگمان کرد بۆ ناو کۆنگرەکەمان، ئێمە هیچ میوانێکمان بۆ ناو کۆنگرە بانگهیشت نەکردووە.

**لڤین: کەواتە د. محەمەد بازیانی میوان نەبووە؟**

مونیرە عەلی: نەخێر، ئەندامی کۆنگرەبووە، بەڵام لەکاتی هاتنیدا مامۆستا ئەحمەد وەرتی زۆر نیگەرانبوو لەوە دەترسا کە نەیکەنە ژوورەوە بۆ کۆنگرە، بەڵام ئێمە رێگەمانپێدا کە هیچ رێگرێکی نابێتو ریزی لێدەگرینو پشتگیریشی دەبین.

**لڤین: بەڵام د. محەمەد بازیانی گلەیی ئەوە دەکات کە ئەو پاڵێوراوە بۆ ئەندامی پەرلەمان، بەڵام زەختی ئێوەو رابەری گشتی ناوەکەی ئەوی لاداوە، یەکێکی تری لەشوێنی ئەو دانراوە؟**

مونیرە عەلی: نەخێر، ئێمە هیچ کاتێک رێگریمان لەهیچ کەس نەکردووە هەمیشە خوازیاری ئەوە بووین کە کەسی موناسیب لەشوێنی موناسیبی خۆی دابنرێت، بەڵام مامۆستا بازیانی وەکو خۆشی کە لەمیدیاکاندا قسە دەکات دژیەکی دروستبووە لەقسەکانیدا، باشە ئەگەر بۆ ماوەی دوو ساڵ بێتە ناو بزوتنەوەی ئیسلامی چۆن دەکرێت بکرێتە ئەندامێکی پەرلەمان بۆ ماوەی چوار ساڵ لەبەر ئەوەی دژیەکی لەقسەکانی خۆیدا هەیە.

**لڤین: باسلەوەدەکرێت ئێوە دەتانەوێت لەکۆنگرەدا رابەری گشتی بگۆڕن؟**

مونیرە عەلی: ئێمە هیچ پلانێکمان بۆ گۆڕینی رابەری گشتی نییە، چونکە مامۆستا سدیق جگە لەوەی کە رابەری گشتی بزوتنەوەیە گەورەی بنەماڵەکەشمانەو رێزی تایبەتی خۆی هەیە، لای هەمولایەکمان.

**لڤین: بۆچی رابەری گشتی زۆرێک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی نیگەرانن لەبەستنی کۆنگرە؟**

مونیرە عەلی: دیارە ئەو پڕوپاگەندەی کە لەمیدیاکانەوە بڵاودەبێتەوە کەسانێکیش هەیە کە قەلەقن لەناو بزوتنەوەی ئیسلامیدا ترسیان لەمانەوەی خۆیان ئەو پروپاگەندانەی کە دەکرێت کاریگەری هەیە لەسەر هەندێک لەو کەسانە کە ترسی مانەوەی خۆیان هەیە، ئێمە لێرەوە هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە کە بەستنی کۆنگرە بۆ گۆڕانکاریو بۆ چاکسازییە بۆ هاتنە پێشەوەی کەسانی تازە دژی هیچ کەسو لایەنێک نییە.

**لڤین: بەڵام جێگری رابەرو هەندێک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەڵێن کۆنگرە نابەستین؟**

مونیرە عەلی: ئەگەر ئەوان نەیەن لەشورا دابنیشین دەبێت بەزۆرینەی دەنگی شورا بێت، بە شورا نەکرا دەبێت بەکۆنگرە یەکلاییبێتەوە، ناکرێت هیچ شتێک لەبڕیاری لابەلاو کۆبوونەوەی ژێربەژێردا بکرێت، بڕیاری ژێربەژێرو بڕیار لەدەرەوەی شورا هیچ رەسمیەتێکی نییەو هیچ کەسیکیش پاپەند نابیت پێوەی، هەموو بڕیارێک کە لەشورا دەدرێت، کۆنگرەش خواستی جەماوەری بزوتنەوەیە، ئێمەش پشتگیری لەخواستی جەماوەری بزوتنەوە دەکەین، یەکێکە لەڕاسپاردەکانی کۆنفرانس کە دەبێت کۆنگرە پیش بخرێت ئێمەش داوامانکردووە کە ئەو کۆنگرە پێویستە، چونکە کۆنگرەو کۆنفرانیش هەموو حیزبێک دەیبەستێت کە زیندون نیشانەی زیندویەتی ئەو حیزبەیە هەتا کۆنگرەکان زیاتر بێت، بۆیە ئێمەش هیچ ترسێکمان لەکۆنگرە نییەو داواشدەکەین کە هیچ ئەندامێک ترسو دڵەڕاوکێی لەکۆنگرە نەبێت بەپرۆژەیەکی بەهیزەوە بێن بەشداری بکەن لەکۆنگرە، هەتا بەگروتینێکی تازەترەوە بزوتنەوەکەمان بهێنینەوە گۆرپانی تێکۆشان.

**لڤین: کەواتە ئەوانەی کە نایانەوێت کۆنگرە بکرێت لەپێگەی خۆیان دەترسن؟**

مونیرە عەلی: بەڵی ترسیان لەمانەوەی خۆیان هەیە لەهەر حیزبێکدا هەرکەسێک لەکۆنگرە بترسێت مانای وایە ترسی لەمانەوەی خۆی هەیە.

**لڤین: هەڵوێستی ئێوە چی بوو لەئاگادارنامە نۆ خاڵییەکەی جێگری رابەری گشتیو هەندێک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی؟**

مونیرە عەلی: ئێمە وتمان هەر شتێک لەشوراوە دەرنەچێتو قۆناغەکانی نەبڕیبێت ئێمە وەڵامیان نادەینەوە.

**لڤین: بەڵام ئەوان ئاگانامەیان داوە؟**

مونیرە عەلی: بەڵی ئەوە پرۆژەیەکە دەکرێت دیراسە بکرێت، دیارە ئەو پرۆژەیەش هەر خۆی لەخۆیدا خاڵی لاوازی زۆری تێدایەو ئاماژەیان بەهیچ یەکێک لەماددەکانی پەیرەو پرۆگران نەکردووەو خواستی جەماوەری بزوتنەوەش نییە هەندێکی کەمن، لەبەر ئەوە ئێمە تەنیا لەشورای ناوەندی وەڵامیان دەدەینەوە.

**لڤین: بەڵام لەئاگادارنامەکەدا هاتووە ئەگەر لەماوەی (٢٠) رۆژدا وەڵاممان نەبێت هەڵوێست وەردەگرین، بەڵام هیچ بڵاونەکرایەوە؟**

مونیرە عەلی: وەڵامیشمان نەدانەوە هیچ هەڵویستیکیشیان وەرنەگرت.

**لڤین: ئەمە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کێشە لەناو بزوتنەوەی ئیسلامیدا هەیە؟**

مونیرە عەلی: نەخێر لەناو بزوتنەوەی ئیسلامدا بۆچوونی ئازاد هەیە لەهەموو شوێنێک ئەمە بۆچوونی هەیە، بەڵام ئەوەی بزوتنەوەی ئیسلامی زەقدەکرێتەوە، ئەو بۆچوونی ئازادەش حەقێکە کە خودای گەورە داویەتی بەمرۆڤەکان، کە بتوانێت ئازادانە تەعبیر لەڕاو بۆچوونی خۆی بکات، بەڵام بەزۆرینە دەدرێت.

ئەوە ناچێتە بواری پراکتیکو جێبەجێکردنەوە هەتا بەزۆرینە نەبێت، لەبەر ئەوە هەرکاتێک بەزۆرینەی بڕیارێک لەشورا دەرکرا ئەوا ئێمە وەک منداڵەکانی مامۆستا مەلا عەلی یەکەمین کەس دەبین کە پاپەنددەبین بەو بڕیارانەی کە لەشوراوە بەمەرکەزی دەربچێتو بەکۆی دەنگ بڕیاری لەسەر بدرێت، بڕیارەکە جێبەجێدەکەین.

**لڤین: پێتوانییە رابەری گشتی لاوازە لەبڕیارەکانیداو نەیتوانیوە کۆنترۆڵی بزوتنەوە بکات؟**

مونیرە عەلی: من هیچ کاتێک پێموانییە کە جەنابی رابەری گشتی لاوازبێت بەپێچەوانەوە جەنابی رابەری گشتی کەسێکە کە زۆر حەکیمانە رەفتاردەکات، بەڵام دەبێت ئەویش راویژکاری دڵسۆزی هەبێتو دەبێت هەموو کادیرەکانیش دڵسۆزانە لەخزمەتیدابن هەتا هەموو پێکەوە بتوانن ئیشەکانی بۆ بەرن بەڕیوە.

**لڤین: بەڵام زۆربەی کادیرەکانی بزوتنەوە لەڕابەری گشتی ناڕازین؟**

مونیرە عەلی: ئەوەمان نەبیستووە ئەوە دەبێت لەکۆنگرە یەکلاییکرێتەوە، لەکۆنگرەدا دەبێت ئەو داخوازییانە بکرێت.

**لڤین: بەڵام لەکۆنفرانسەکاندا ئاماژە بەوانە دەکەن نموونەیەکش مامۆستا ناسیح کە باسی لێوە کردووە؟**

مونیرە عەلی: من دەڵێم رەئی ئازاد هەیە، بەڵام مەرج ئەوەیە ئەو بۆچوونی زۆرینە بێت، بەڵام ئەو رەئییە زۆرینە نییە رەئی تاکگەرایە.